نووسینی د . زاهیر سوران .
3 ی مارس ی 2004 .

# خورشت
# Allergy

نیشانەیەکی زۆر گرنگە لەبەرئەوەی لەماوەیەکی کورتدا یان زۆر کوتوپردا دەردەکەوێ و زۆرجاریش دەبێتە هۆی تەنگەنەفەسی و خورپە ، گەر یەکێك یان نەخۆش خێرا خۆی نەگەیەنەتە نەخۆشخانەو بە زووترین کات خوراندن و پەنماوی و تەنگەنەفەسییەکە نەرەوێنرێتەوە ،ئەوا ژیانی نەخۆش دەکەوێتە مەترسییەوە .
گرنگترین نیشانەی خورشت بریتییە لە (ئالۆش–خوراندن) ی رووخسارو لێوەکان و هاوکات پەنمانی پێلوەکانی چاو ، ئەستما ، پەنمانی زمان و قورقوراگە و هەروەها نیشانەی گەدە و ریخۆڵە .
ئەوەی شایانی باسە هەندێك شارەزا خورشت وەك نەخۆشییەك پێناسەی دەکەن لە نێو کۆئەندامی بەرگریدا . لەم بارەدا لەشی مرۆ کوتوپڕ بەرتەك دژی ئەو تەنە بێگانانەی لەش لە شێوەی بەرتەکی خورشتدا دروست دەکەن .

پسپۆرانی بواری خورشت هۆشیارمەندی دەدەنە پزیشکان کە گەر مرۆ (بە گشتی) خورشتدار بوو ئەوا نابێت بە هیچ جۆرێك ئازارشکێنی **بۆ نمونە ڤۆلتارێن** بدرێتیّ ، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئازارشکێنەکە خورشتەکە بگۆڕێت بۆ خورپەی خورشت لەم بارەدا سوڕدانی خوێنی نەخۆش تێکدەچێت و لەوانەیە نەخۆش بمرێت . هەرچەندە شیری دایك زۆر بە سوودە بۆ منداڵ بەڵام شیرەکە منداڵ لە خورشت ناپارێزێت . لە ئەنجامی توێژینەوەوە ئەو راستییە روونبۆتەوە کە کاتێك منداڵ گەورە دەبێت هێدی هێدی مەترسی خورشت کەمدەبێتەوە زۆرجاران نامێنێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەدایە کە مرۆی تەمەندار بە دەگمەن تووشی خورشت دەبێت .

### هۆکاری یاریدەدەر

– گەر دایك یان باوك یان هەردووکیان خورشتدار بن .
– گەر دایکوباوك خورشتدار نەبن 12٪ مەترسی تووشبون هەیە .
– گەر دایك یان باوك (یەکێکیان) خورشتدار بێت 25٪ مەترسی تووشبون هەیە .
– گەر هەردووکیان خورشتدار بن ئەوا رێژەکە دەگاتە 50٪ مەترسی تووشبون هەیە .
– گەر هەردووکیان هەمان جۆر خورشتیان هەبێت ئەوا رێژەکە 75٪ مەترسی تووشبون هەیە .

## جۆرەکانی خورشت :

### 1– خورشت لە ئەنتیبایۆتیك (بە تایبەتی پەنسیلین) .

لە 2–3٪ ی گەورەساڵان و هەندێکجار رێژەکە زیاترەو دەگاتە لە 10٪ (لەوکەسانەدا کە خروشتی بۆریەکانی هەوایان دەستنیشانکراوە) تووشی ئەم جۆرە خورشتە دەبن ، بارودۆخێکی تایبەتە لە ماوەیەکی کورتدا پەڵەی سوور لە سەر هەموو پێست و خوراندن دەردەکەوێت و هاوکات زۆرجار نەخۆش تووشی تەنگەنەفەسی دەبێت .
ئەوەی شایانی باسە زۆرجاران مرۆ ناتوانێت **خورشت** و **نیشانەی لاوەکی** پەنسیلین لەیەکتری جیابکاتەوە .
گەر دەرکەوت مرۆ دژی پەنسیلین خورشتی هەیە ئەوا پێویستە پزیشك نەخۆش **تۆمار** بکات بەمەبەستی نەهێشتنی دووبارە بوونەوەی ئەوبارە ئاڵۆزە و هاوکات پێویستە پزیشك ئەنتیبایۆتیکێکی دیکە لە بری پەنسیلین بدات بە نەخۆش . هەندێکجار لە دوا رۆژی تەواوکردنی پەنسلیندا خورشت دەردەکەوێت .

### چارەسەرکردن:

– **لە کاتی خوراندندا** , پێویستە دژە هیستامینەکان (کۆرتیزۆن) بدرێت بە نەخۆش .
– **لە کاتی خورپەدا** , بارەکە زۆر ئاڵۆزەو ژیانی نەخۆش لەمەترسیدایە لەبەرئەوە پێویستە بە رێژەی 0,5 ملگم دەرمانی **ئەدرێنالین (Adrenalin)** بە خوێنهێنەردا بدرێت بە نەخۆش .
لە کاتی پێویستدا دەتوانین هەمان ژەم پاش 10–15 خولەك دووبارە لە خوێنهێنەرەوە بدرێت بە نەخۆش .
هەندێکجار دەرمانی **Tavegyl** یش لە خوێنهێنەرەوە دەدرێت بە نەخۆش .

## 2- خورشتی کونه لووتەکان

نیشانەی سەرەکی ئەم جۆرە خورشتە بریتییە لەخوراندنی کونەلووتەکان ، پژمین ، ئاو بە لووتدا هاتنە خوارەوە ، لووتگیران زۆرجار گیروگرفتی چاویشی لە گەڵدا دەردەکەوێت .

لەم بارەدا مرۆ دەتوانێت بە هۆی دەرمانەوە نیشانەکان دابمرکێنێتەوە ، لە کاتی پێویستدا دەبێت نەخۆش سەردانی پزیشکی پسپۆری لووتو گەروو گوێ بکات .

### هۆزانی

- لووت خواری .
- خورشتی دەرمان .
- گیرفان (لوو) ی نێو کونە لووتەکان .
- هۆی نەزانراو .

## 3- خورشتی چاوەکان

ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە خورشتە زێدتر بە هاوینان دەردەکەوێت پاش پەیوەندی کردن بە خورشت پەیداکەرەوە (مووی پشیلە , خوراندن) هەردوو چاو دەگرێتەوە . لەم بارەدا سپێنەی هەردووچاو سووردەبێت و لەکاتی تێروانیندا پزیشك دەستنیشانی پەنمانی موولوولەخوێنەکانی چاو دەکات و چاویش دەخورێت ، هەندێکجار پەنماویەکە کوتوپڕ دەردەکەوێت .

## 4- خورشت بە خۆراك

ئەوەی راستی بێت لەوانەیە هەریەکێك لە ئێمە رۆژێك لە رۆژان تووشی خورشت بە خۆراکێك دەبێت ، گرنگترینیان بریتین لە: سپێنەی هێلکە ، شیری مانگا ، ماسی ، میوە (سێو ، قەیسی) ، گەنم ، چوکلێت ، بستە ، گەنمەشامی ، گوێزی هندی ، توێکڵی پەتاتە ، گێزەر ....تاد.

زۆرجاران منداڵی گچکە تووشی خورشت بە شیری مانگا (پرۆتینی شیر) دەبێت ، لەم بارەدا دەبێت منداڵ شیرو ئەو خۆراکانەی لە شیر ئامادەدەکرێن نەخوات و نەخواتەوە .

پاش چەند ساڵێك ئەم جۆرە خورشتە بە پرۆتینی شیر نامێنێت . بە مانایەکی تر هەرکاتێك منداڵ ماوەیەك خۆی لە پرۆتینی شیر دوورخستەوە پاشتر دەتوانێت جارێکی بێگیروگرفت بیخوات و بیخواتەوە . زۆرجاران منداڵی گەورەتر خورشت بە شەکری شیر هەیە ئەو کاتە زاراوەی (لاکۆزی پێناکەوێت) ی بۆ بەکاردەهێنرێت ، لەم بارەدا رێژەیەکی کەم لە ئەنزیم دروست دەبێت . زۆر گرنگە گەر مرۆ خورشت بە پرۆتینی شیر لە لاکتۆز پێنەکەوتن لە یەکتر جودا بکاتەوە .

### نیشانەکان :

- گەدەو ریخۆڵە ، خوراندنی نێو دەم و گەروو ، هێڵنجدان ، ڕشانەوە ، ژانەسك ، سکچوون ، گیران و ئازاری سك .
- پێست ، خوراندن ، گۆرانکاری پێستی .
- بۆریەکانی هەوا ، ئەستما .
- گشتی ، خورپەی خورشت (ئەنافیلاکس) .

### جیاوازی منداڵ و گەورە ساڵاندا(6)

| منداڵ | | گەورە | |
|---|---|---|---|
| زۆرجار | بە دەگمەن | زۆرجار | بە دەگمەن |
| شیری مانگا | گۆشت | بستە (فستق) | گۆشت |
| هێلکە | پەتاتە | سێو | پەتاتەی کوڵاو |
| ماسی | برنج | میوەی ڕەق | گەنمەشامی |
| بستە | سەلاتە | پەنیر | توترك |
| شەربەتی میوە | هەرمێ | شەراب | |

**نیشانەکانی خورشت بە خۆراك**

ئەوەی شایانی باسە نیشانەکانی لەم جۆرەدا خورشتەدا لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە و لە نێوان 15–60 خولەکدایە . هەندێکجار خورشت دەبێتە هۆی کەم بوونەوە و لە دەستدانی نەرمی و لاستیکی ، پێست زۆر زبر دەبێت و هەندێکجاری دی خوراندن دەبێتە هۆی خوێنبەربوون . (سەیری وێنەکەی خوارەوە بکە)

**لە 15 خولەکی یەکەمدا**

– خوراندنی نێودەم .

– پەنمانی گەروو .

– پەنمانی لێو .

– بلۆقی نێودەم .

**لە 15–30 خولەکی یەکەمدا**

– ئاڵۆش .

– نیشانەی چاو (خوراند) .

– ئەستما .

– خورپەی ئەنافیلاکس .

**لە 30–60 خولەکدا**

– ئازاری سك .

– هێڵنجدان و ڕشانەوە .

– سکچوون .

(سوود لە سەرچاوەی ژمارە 6 وەرگیراوە بە دەستکارییەوە)




وێنەی خورشتی دەستەکان بە هۆی خۆراکەوە (منداڵێکی 5 ساڵان)

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکار بهێنێت)

**5– خورشت بە ئاژەڵ**

زۆرجاران لە ئەنجامی پەیوەندیکردنەوە بە ئاژەڵەوە مرو تووشی خورشت دەبێت ، گرنگترین ئاژەڵە تووکدارەکان یان پەڕدارەکان بریتین لە : پشیلە ، سەگ ، ئەسپ ، کەروێشك ، باڵندە ( کۆتر ، بولبول ....تاد) .

**6– خورشت بە سەوزەو بۆن**

گرنگترینیان بریتین لە :

گوڵی هەڵاڵە ، بۆنی بەهێز ، گیا . چیمەن ، بۆنی کولانەی کۆترومریشك ... تاد .

7- خورشتی پێست

لەم بارەدا مرۆ پەڵەی سوری جیاواز لەسەر پێستی رووخسار یان شوێنی تر دەردەکەوێت کە زۆرجاران پەڵە سوورەکان دەخورێن . هەندێکجار هۆی ئەم جۆرە خورشتە نەزانراوە بەڵام دەرمانی دژە هیستامینەکان و ستێرۆیدەکان رۆڵی باشیان لە دامرکاندنەوەی ئاڵۆشەکەدا هەیە بەڵام پەڵە سوورەکان ناو بەناو هەر دەردەکەونەوە .

8- خورشتی پاش پێوەدان

گرنگترینیان زەردەواڵە ، زەرگەتە ،مێشولە (پێشکە) ، هەنگە . زۆرجاران دەبێتە هۆی بارێکی تەنگەنەفەسی نالەبارەوە کە پێویستە زۆر بە پەلە دەرمانی ئەدرێنالین لە شێوەی دەرزی ماسولکەدا بدرێت لە نەخۆش دەنا ژیانی نەخۆش دەکەوێتە مەترسییەوە.




(وێنەی هەنگ پێوەدان)

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکار بهێنێت)

8- خورشتی پێست

لەم بارەدا مرۆ پەڵەی سوری جیاواز لەسەر پێستی رووخسار یان شوێنی تر دەردەکەوێت کە زۆرجاران پەڵە سوورەکان دەخورێن . هەندێکجار هۆی ئەم جۆرە خورشتە نەزانراوە بەڵام دەرمانی دژە هیستامینەکان و ستێرۆیدەکان رۆڵی باشیان لە دامرکاندنەوەی ئاڵۆشەکەدا هەیە بەڵام پەڵە سوورەکان ناو بەناو هەر دەردەکەونەوە .

لەم بارەدا باشتر وایە نەخۆش سەردانی پسپۆری پێست بکات .

دەستنیشانکردن

لەزۆربەی بارەکاندا دەستنیشانکردن زۆر ئاسانە لەبەر ئەوەی نیشانەکان گەواهی خورشت دەدەن بەڵام سەرەتا (بە تایبەتی لە منداڵدا) پێویستە تێستی (RAST) بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت ، گەر بێت و تێستی نێوبراو دەستنیشانی هۆی خورشتەکە نەکات ئەوا پاشتر دەتوانین تێستی خوێنی بۆ ئەنجام بدەین یان تێستی ئیمونۆگلۆبولینی IgE ئەنجام بدرێت .




تێستی (RAST) ی نێگەتیف

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکار بهێنێت)




تێستی (RAST) ی پۆزەتیف لە ئاستی ژمارە 4 دا .

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران  کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکار بهێنێت)

## چارەسەرکردن

لە زۆربەی بارەکاندا لە بەشی فریاگوزاریدا بە دەرزی بارە کوتوپڕەکە دادەمرکێنرێتەوە و پاشتر چارەسەر بەردەوام دەبێت و ڕۆژانە نەخۆش خەپلە (حەب) وەردەگرێت لەوانەیە چارەسەرەکە وەرزی بێت یان هەمیشەیی بێت . بە پێی جۆری خورشتەکە چارەسەرەکە دەگۆردرێت بەڵام گرنگترین دەرمان دژە هیستامینەکان ، کۆرتیزۆن و سێرۆیدەکانە .

## کورتکراوەکان

**RAST=Radio Allergo Sorbent Test.**

## سەرچاوەکان


1. Sten Iwarson, infektion klin.,östra sjukhus, Göteborg, Val av antibiotika vid pencilliallergi, product of Upjohn , Möndal 1993.
2. Lars Lins, Mats-Ola Mattsson Thomas Olsson, Urban Safweberg, akut medicin, Liber stockholm,2001.
3. Eriksson N.E. Hedlin G (red) Allergi och anan Överkänslighet i praktik sjukvård :studentliteratur.Lund.1999.
4. Beng Björksten och N-I Max Kjellman. Barn Medicin, Allergiska Sjukdomar, Studentlitteratur, Lund. 1999:24: S.254-264.
allergi, infektionskliniken, östra sjukhus, Göteborg 1993. 5. Sten Iwarson, val av antibiotika vid pencillin
6.Ulf Bengtsson, Nils E Eriksson, Förrädisk Föda, om överkäslighet för mat och drick. Sverige.1997.